گوزارەی نەوەی دووەمی کورد لەهەندەران ..

شەروانی عەلائەدین ...

یەکەم بینینی پۆشاکی نەتەوەیی گەلان لەکاتی ئاسایی بەسروشتی یا لەپێشانگا و نمایشی وەرزی مۆدەباودا وێنەیەک دەبەخشێتە بینەر بەراوردی دەکا لەگەڵ هەموو ئەوانەی تر کە تائێستا بینیویەتی ، دەیەوێ خاڵەکانی لێک چوون و جیاوازیان بدۆزێتەوە . کچە ئەڵمانی باڵا بەرز لەسەرووی مەتر و هەشتاوە سپی پێست هەتا لێ ی بڕوانی جوان و بێ گەرد وەک کورد دەڵێ : نەبکەی نەبخۆی هەرتەماشای سەروگەردەنی بکەی ! لەگەڵ کچە کوردی هاوڕێ ی لەکۆتایی پشووی هەفتەدا لەماڵێ کەوتنە ئارایشسازی و پۆشینی بەرگە کوردیەکان هەر کراسێکیان پێ ی دەدا نەدەگەیشتە گۆزینگی پێیەکانی ، سەرڕا ئەوەی ئەویشی شاگەشکەی جۆری جلە کوردیەکان کرد هەر ئەتەگلەغ (ژێرکراس) و دەلینگی ژنانە بوو بەلەبەرکراوی وای زانی ئەوەندە تەواوی جلکەکانە بەسەرسوڕمان و خۆشیەوە گۆتی : ئۆۆۆۆۆۆ ئەلادین هۆزە ئای کە جوانە ، سەرەوەی سپی یە و ژێرەوەی ڕەنگاو ڕەنگە ! بەواتای شەروانی عەلائەدین ئەوەی لەفلیمی خەیاڵ کارتۆن دایە دیویەتی زۆر پێ ی سەرسام بوو ! ژنانی کورد هەردەم هەوڵ دەدەن ئەم دوانە وەک ژێر کراس بەکار بهێنن و بیان شارنەوە بەشەرمەوە ناویان دێنن بەتایبەتی گەر پیاو دیاربن یا گوێبیستیان بن کەچی لەچاوە شینەکانی ئەودا زۆرجوان بوو ناوێکی نوێ ی بەدەلینگ بەخشی وەک مۆدێلێک داوای کرد ئەگەر چوونەوە کوردستان ئەتەگ و شەروانێکی عەلائەدین واتە دەلینگێکی بۆ بهێنن ئەو هەر ئەم دوانە ئاوایی لەبەر دەکا ، دیاربوو لەگەڕانەوەی دواسەردانی کوردستانی ماڵە کوردەکە ئەویش بەئەلادین هۆزەکەی خۆی گەیشت پلانی دانا پێیانەوە بچێتە ئاهەنگ زۆر تایبەتیش بۆ کەرنەڤاڵ پێ ی دەنازی .

دڵشاد تاقانە

Dlshadtakana@yahoo.com